سۆدی کاستیك یان سۆدی گازدار کە لە ژێر ناوی هایدرۆکسیدی سۆدیۆم یان کاستیك سۆدا و سۆدی پەرەك ناسراوە.

سۆدی گازدار ماددەیێکی رەق و سپییە کە لە پلەی ٣١٨ سیلیزی دەتوێتەوە.

ئەم ماددەیە جۆرێك ماددەی کیمیایی بێ بۆن و سپییە و کاتێك دەگەڵ ئاو بگیرێتەوە دەبێتە هۆی بەدیهاتنی گیراوەیەکی بەتەواوی تفت و زۆر خۆرە کە لە زۆرێك لە پیشەسازییەکان دەکار دێت.

هایدرۆکسیدی سۆدیۆم یان کاستیك سۆدا یەکێك لەم پێکهاتانەیە کە بەچەشنێکی زۆر بەربڵاو لە پیشەسازییەکانی بەرهەم هێنان دەکار دێت. دەکار هێنانی سۆدی پەرەکی کاستیك لە پیشەسازییە جیاجیاکان بە هۆی تایبەتمەندی تفتی و هەروەها توانایی ئەم پێکهاتەیە بۆ تواندنەوەی چەورییەکانە. بە چەشنێك کە لە هەندێ جار دا لەم ماددە کیمیاییە وەك لەناوبەرەوە یان خود پاك کەرەوەی چەورییەکان کەڵك وەردەگیرێت.

سۆدی پەرەکی کاستیك توانایی توانەوەی ١١١ گرامی لە ١٠٠ ملی لیتر لە پلەی ٢٠ سیلیزی دا هەیە. هەڵبەت دەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرم ئاستی توانەوەی سۆدی گازداری رەق لە ئاودا بەرز دەبێتەوە.

**شوێنەکانی دەکارهێنان:**

کاستیك سۆدا لە زۆرێك لە پیشەسازییەکان بۆ کاروباری جیاجیا دەکار دێت کە لە خوارەوە ئاماژە بە هەندێك لە گرینگترینییان ئەکەین:

- لە پیشەسازی رەنگرەزی دا
- لە بەرهەم هێنانی کارتۆن و کاغەزدا
- لە پیشەسازییەکانی نەوت و گاز و پەترۆکیمیاویات
- لە بێ بارگە کردنی ترش و پیشەسازی بەرهەم هێنانی پاتری
- لە بەرهەم هێنانی لەناوبەری چەورییەکان و پیشەسازییەکانی هاوپەیوەند
- لە پیشەسازی خواردەمەندییەکان و شیرەمەنییەکان و خواردنە بەقوتو کراوەکان
- لە پیشەسازی دەوا و ئەلکۆل و بەرهەمە پاك کەرەوە و جوانکارییەکان
- لە پیشەسازییەکانی کانزایی و بەرهەم هێنانی شوشە و کانزای فافۆن و ئەلۆمینیۆم و وەرەقی گاڵۆن و ئاوکاری

کاستیك سۆدا یان سۆدای سۆزێنەر زۆر بەئاسانی ئەتوانێت هەوا هەڵمژێت. هەربۆیە لە کاتی گوازتنەوەی دا پێویستە بە شێوازی تایبەت خەزن بکرێت و داپۆشرێت.